کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:56 26-7-2007

**پارتی و.. بارزانی و.. هەڵوێستی کوردانەیان.. خزمەتی خۆفرۆشان ناکات.. !!... تەنیاکوردی**

ماوەیەکە کۆمەڵێك پێنووسی خۆفرۆش و مێژووفرۆش کەوتۆنەتە خۆ بۆ ناشرین کردنی مێژووی نەتەوەی کورد و پارتی.. کە کوێرانە بڕیار بۆدرووستبوونی مێژوویێکی دروستکراو بۆچەند بەرپرسێکی ڕاکردوو لەواقیع دەدەن.. !!!! بۆئەوەی خەرمانی سیاسی کورد لای نەوەی نوێ بسوتێنن. بەوەڵامی هەندێ لەقسە هەڵبەستراوەکان دەخوازم چیدی خۆ ماندوو نکەن.. چونکە مایە پوچ دەمێننەوە.. لەبەر ئەوەی:

*پارتی حزبێکی شۆڕشگێر نییەو خاوەن هەڵوێستێکی نەتەوایەتی نییە!!، جەنابی نووسەری ئەم دێرە لەباوکت بپرسە.. ؟ ئەگەرجاش نەبوبێت باش دەزانێت کەلەوکاتەی قازی محەمەدی نەمر لە ساڵی1946ئالای نەتەوەیی بەبارزانی نەمر سپارد، پارتی وەکوحزبێکی شۆڕشگێر لەدایك بوو.. تائەمڕۆ لەگەڵدا بێت بەپارتێکی خاوەن هەڵوێستی نەتەوایەتی دەناسرێتەوە، بەڵام لای ئێوەی بێ مێژوو، خاوەن پێنووسی وشەدرووستکراو.. چاوتان ڕاستیەکان نابینێت.. تەنیا ڕوانین لەناخە ناشرینەکەتانەوە نەبێت !!.

*پارتی لەشۆڕشی ئەیلولەوە بەرهەمی 11ی ئازاری بۆکورد بەیان کرد، کەدەسکەوتی ئەمڕۆی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی لێکەوتەوە. ئائەمەیە خەباتی شۆڕشی ئەیلول.

*ئەوکاتەی کەجەنابی سەرۆکی هەرێم پێداگری لەسەرمەسەلەی کەرکوك دەکات بۆگەڕانەوەی بۆ نێو باوەشی هەرێمی کوردستان ئێوەی پێنووسی کەسێکی دۆڕاو پێش چاوتان ڕەش دەبێت و ئاسۆی ئەم ڕوناکییەتان لێ دەبێت بەقین و.. ناچار دەست دەکەن بە نەتەوە فرۆشتن و خۆفرۆشتن، چونکە ڕەگی نیشتمان لەناو دڵتان دانەکوتراوەو.. کوڕی سەرخوانەکانی بەعسن و.. پیلان داڕێژەری لەناوبردنی هەستی نەتەوایەتیشن.

*بارزانیەکان لەوکاتەی کە لە خەباتی شاخ پێشمەرگەیان بۆڕاماڵینی سەرکردە جاشەکانی ئێوە ڕێك دەخست هاوشێوەکانتان لەشار ڕێکلامیان بۆبەعسیەکان دەکرد کەگوایە شۆڕش کۆتایی پێهاتووە.

*"بارزانی نەمر دکتۆر شڤانی کوشت"!!، نووسەری ئەم دێڕە باش دەزانێت کە کوشتنی دکتۆرشڤان بە پلانی میتی تورکیەکان و هاوشێوەکانتان بووە، ئەگینا ناحەزانی گەلی کورد پێش تۆو ئاغاکانت وەکو پەڵەیەکی ڕەش دەیان نا بەنێو چاوانی هەر کوردێکەوە نەك هەر بارزانی، بەڵام چاو کوێرێکی چەواشەبووی وەك تۆی جاسوس.. !!! دەتەوێت ئەم تۆمەتە بخەیتە ئەستۆی بارزانی نەمرو خزمەتی ئەتاتورکەکانی پێ بکەیت. ئەگەرنا تۆ جگە لە درۆیەکی هەڵبەستراوی شاخدارو، ڕێکلامکار بۆ جاشە مۆدێرنەکانت هیچی دیکەی لێ ناخوێندرێتەوە.

*لە ڕێو ڕەسمی ناشتنی تەرمی بارزانیدا لەساڵی1989خەڵکی شنۆ شینێکیان گێڕا ئاسمانیان هێنایە لەرزە، ئەم خۆفرۆشە هێندە "گەوجە" 10 ساڵی ڕێکی لە مێژووی بارزانی خستە سەر کۆچی دواییەکەی.. !! تەنانەت ساڵنامەی لەدایکبوون و کۆچی بارزانی نەمریش نازانێت، وەك ئەوەی مێژوو بەهەوەسی خۆی قوت بدات!! ئەگینا بارزانی نەمر لەساڵی 1979 گیانی نەتەوایەتی خستە نێو کاروانی نەمران!! "پارتی هەوڵی دامەزراندنی بارزانیزمی دا".. !! نووسەری ئەم دێڕە حەسادەتی بەوە دێت کەمیللەتی کورد خاوەن سەرکردەیەکی کاریزمی وەك بارزانی نەمرە،، کەهەموو ژیانی لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجی نەتەوایەتی تەرخانکرد، ئەمڕۆش کورد لەژێر فەلسەفەی نەتەوایەتی بارزانی نەمر توانیویەتی پێگەی خۆی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیدا پتەو بکات.

*منی ئاوارەی تاراوگە. !! بەهەمان شێوەی دەسەڵاتی بەعس ئاسا کوردستانم لێ حەرامە. !! تۆ لەکاتی ڕوخانی بەعس لەکوردستان ڕاتکردبێت و!! چۆن چاوت بەم پەرەسەندنەی کوردستان هەڵبێت.. ؟!! ئەمڕۆش ناهەقت ناگرم کەپێنووسێکی لەپەنای بەعس نەتەوە موزایەدە بکەی، بەڵێ پارتی بۆ کەسانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وشه فرۆش بەرژەوەندی پارێز نییە!! ئەمەش باشترین وەلامێك بۆ ئەوەی بیر لەخۆ فرۆشتنی خۆت بکەیتەوە تا نەتەوەکەت و لەهەمووی سەیرتر تۆ کەنەتەوەکەت بەمیراتگری سەدام بزانی، رەنگە ئەمەیان بریتی بێت لەچەند پارچە زەوییەك کە جاران لەبەعسیەکانت وەرگرتبێت!! بۆیە ئەمڕۆش بیرت هەر لای میراتە.. ئەگینا ئەمڕۆ کوردستان لەسایەی دەسکەوتەکانی خەبات و شۆڕشەکانی بارزانی و پارتی بە هەنگاوێکی تۆکمەی مۆدێرندا رۆیشتوە، ئەوەی بۆ تۆو هاوشێوەکانیشت مابێتەوە تەنانەت رۆشنبیریتان جوانترین میراتی بەعسە!! کە پێنووسی جنێوفرۆشو.. خۆفرۆشو.. نەتەوەفرۆش بن!!.

*بۆیە لەکۆتایدا هیوادارم ئەم پێنووسانەی کە بۆ ناشرینکردنی نەتەوەکەیان تۆمەتی هەڵبەستراو دەکەنە هەوێنی نووسینەکانیان، تەنیا باشترین دیمەنیان ببینینی ئەو ئازادییە جوانە بێت کەلەسایەی خەباتی سیاسی ئەوپارتانە: ئەمڕۆی کوردستانیان بەرەو چیتر نەبوونە جاسوس بەسەر میللەتی خۆیانو.. رۆژێك بێت تۆبەی نیشتمان بکەن، بۆئەوەی چیدی نەکەونە ژێر نەعرەتەی شەهیدان و ریسواتر نەبن.. !!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.